# شەحنکەرەوەیەکی نوێ

برِانـــی وزە لەئامێـــرە ئەلکترۆنییـــە دیجیتالییـــەکان، گرفتێکی ســـەرەکییە، چونکە هیچ ئامێرێك بەبێ وزە کار ناکات، ئەم گرفتە لەمۆبایلدا بەرچاوترە.. چونکە مۆبایل هەمیشـــە لەگەڵتدایە. چەندین شـــێواز بۆ شەحنکردنەوەی مۆبایل بەرهەمهاتوون وەك: شـــەحنکردنەوە بەتیشـــکی خۆر، بەوزەی با، بەئاو.. بەئاگر... تاد. بەرهەمهاتنی شەحنکەرەوەی جۆری Continuance باترییەکی شەحنکەرەویە کە سیستەمی USB هەیە و بەسوود وەرگرتن لەو شەحنکەرەوە ئیدی لەشوێنی دووره کارەبا وەك دارســـتان و چیا هیچ نیگەرانیەکت نامێنیٚ. شەحنکەرەوەکە ئەوەندە بچووکە کە لەگیرفاندا جێگای ببێتەوە. شـــەحنکەرەوەکە بۆ مۆبایلێك هەتا مانگێك شەحنی پێویستی هەیە و جگەلـــەوەش خودی شـــەحنکەرەوەکەش بەوزەی کارەبا شەحن دەبێتەوە.









# فلاش میمۆرییەکی زۆر تایبەت

فلاش میمۆری لەکاتی ئێســـتادا دەکرێ بڵێین باشترین و گونجاوترین ئامێری گواستنەوەی داتا و فایلەکانە، هەروەها وەك ئامێرێکی باشیش بۆ هەڵگرتن و ئەرشـــیفکردنی داتاکان سوودی لێوەردەگیرێت.. ئێستاکە نەك تەنیا ئەوانەی کە شارەزای کۆمپیوتەرن، بگرە ئەوانەی کە نیازیانە بابەت و وێنە و گرتە ڤیدیۆییەکانیان هەڵبگرن لەفلاش میمۆری سوود وەردەگرن.. گرفتێك لەفلاش میمۆریدا هەیە، ئەویش هەتا لەسەر کۆمپیوتەر دانەنرێت نازانـــی ئەم فـــلاش میمۆرییە چەندی داتا لەخۆیـــدا هەڵگرتووەو چەند لەســـەدی شوێنی بەتاڵی ماوە.. بەڵام فلاش میمۆری جۆری J-shape بەهۆی شاشەیەك کە لەکۆتایی فلاشەکەدایە دەزانی چەند لەسەدی فلاش میمۆرییەکە پڕە.



# نووسینی یادداشتەکانت بە قەڵەمی دیجیتاڵی

کە جیهان بـــەرەو ئەلکترۆنی بچێت و گشت ئامێرەکان ببنە دیجیتالی، هیچ جێگای سەرسوڕمان نییە، قەڵەم و پێنووس کە هـــەزاران ساڵە هیـــچ گۆڕانێکـــی بەســـەردانەهاتووە بەرەو دیجیتالی بچێت.

چەند ساڵێك دەبێت، چەند جۆرێکی پێنووســـی دیجیتالـــی بەرهەمهاتـــوون، پێنووســـی جۆری Recorder واتە تۆمارکەر لەم ماوەیەدا کەوتە بازاڕ، ئەو پێنووســـە یادداشت و وتارەکانت بەهۆی سیســـتەمێکی لەیـــزەری دەکاتە فایلێکـــی ئەلکترۆنی و پاشـــان لەرێگای بلوتوســـەوە بۆ کۆمپیوتەر دەگوازرێتەوە.

کۆپییەك لەنووسینەکانت لەمیمۆرییەکی USB کە لەسەرەوەی قەڵەمەکەیە خەزن دەبن. قەڵەمێکی لەم شێوەیە ئامێرێکی بەسوودە بۆ ڕۆژنامەنووسان و ئەو کەسانەی لەگەڵ نووسین خەریکن، چونکە پێویست ناکات جارێکی دیکە ئەوەی نووسیویانە ســـەرلەنوێ تایپی بکەنەوە، بەڵکو فایلەکانی سەر قەڵەمەکە کە کۆپیی نووسینەکانە دەخەیە سەر کۆمپیوتەر.



# ڤیدیۆ پرۆژکتەرێک تایبەت بە ڕاهێنان

ڤیدیۆپرۆژکتەر لەناو ئامێرە دیجیتاڵییەکاندا هەرچەندە شوێنێکی ئەوتۆی داگیرنەکردووە، بەڵام ئەو ئامێرە بۆ کاری ڤیدیۆ کۆنفرانس و نیشاندانی سلاید و شیکردنەوەی وانە و هەروەها ڕاهێنان ئەرکێکی گرنگ دەگێڕێ..

کۆمپانیای ئیپسۆن ڤیدیۆ پرۆژکتەرێکی بچووکی تایبەت بەبواری فێرکردن و ڕاهێنانی بەرهەم هێناوە، ڤیدیۆ پرۆژکتەرەکە 2 پێنووسی تایبەتی لەگەڵدایە کە بەهۆیەوە مامۆستایان و قوتابیان دەتوانن لەسەر شاشەی نیشاندانەکە و لەکاتی نیشاندانەکە مەبەستەکانی خۆیان بنووسن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاسانکارییەکی زۆر لەنێوان قوتابیان و مامۆستایاندا. هەرچەندە ئەو پێنووسانە لەگەڵ پەردەی نیشاندانەکە لەپێوەندی دا نین، بەڵام بە وردبینییەوە ماددەکانی سەر پەردەکە دەناسن. ڤیدیۆ پرۆژکتەرەکە لەگەڵ کۆمپیوتەریش پێوەند دەدرێ، تەنانەت دەکرێت ئەو ڤیدیۆ پرۆژکتەرە لەگەڵ ئامێرێکی DVD پێوەند بدرێت و شیکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆیەکانی پێبکرێت.



# شەحنکەرەوەیەکی نوێ وزە لەخۆر وەردەگرێت

شەحنکەرەوەی هەتاوی کە لەلایەن XD Modo ئامادەکراوەو بەرهەمهاتووە بە پێوەنووساندن بەجامی پەنجەرە و سوود وەرگرتن لەتیشکی خۆر توانای شەحنکردنەوەی ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی ماڵەوەی هەیە. ئەم شەحنکەرەوە بچووکە بەهۆی وەرگرتنی وزەی خۆر بەدۆستی ژینگە ناسراوە، پانایی 4 ئینجی چوارگۆشەیە و کێشێکی کەمی هەیە. شەحنکەرەوەیەکە نزیکەی 13 کاتژمێری پێدەچێت تا بەتەواوی شەحن دەبێتەوە، بەڵام بۆ ئەو شوێنانەی کە زۆربەی کاتەکان هەتاو هەیە، شەحنکەرەوەیەکی باش و گونجاوە، لەو شەحنکەرەوەیەدا کەلێنی USB و MicroUSB هەیە کە بۆ زۆربەی ئامێرە ئەلکترۆنییە دیجیتاڵییەکان دەگونجێت. گلۆپێکی LED لەسەرە کە لەکاتی بەتاڵبووندا سوور دەبێت و لەکاتی پڕ بووندا سەوز نیشان دەدات.

# ئاگاداربن وێنەکانتان لە فەیسبووکدا ناسڕێنەوە

فەیسبووك ئێستا گەورەترین تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەنتەرنێتە، بەشداربووانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك گەیشتوونەتە ملیارێك، بەم پێیە دەبێ لەهەر 7 کەس لەجیهاندا یەك کەس لەم تۆڕەدا بەشدار بێ، لەفەیسبووکدا دەتوانی بۆچوونەکانی خۆت لەگەڵ هاوڕێیانت و ئەو کەسانەی لەیەك گرووپدان باس بکەی، وێنە و گرتە ڤیدیۆییەکان دابنێی، ڕای خۆت لەسەر بۆچوونی کەسانی دیکە دەرببڕی...تاد. بەڵام لێرەدا ئاگاداری بەشداربووانی تۆڕی ئەنتەرنێت دەکەمەوە، کە ئەگەر ئەو وێنانەی لەپەیجەکەی خۆتاندا داتان ناون پاشان لەدانانەکەی پەشیمان بوونەتەوە و سڕیوتانەوە، ڕاستە لەپەیجەکەتدا نامێنن، بەڵام لەفەیسبووکدا هەر دەمێننەوە.. هەرکەسێك لینکی ئەو وێنەیە بزانێت و لینکەکە لێبدات، یەکسەر دەچێتە سەر وێنەکە.. دەتوانن خۆشتان ئەمە تاقی بکەنەوەو تا بەکردەوە ببینن، کەوایە هیچ وێنەیەك لەفەیسبووك دا بۆ هەمیشە ناسڕێتەوە.. بۆیە ئاگادار بن لەوەی چ وێنەیەك دادەنێن و تا دواتر پەشیمان نەبنەوە، ئەو ڕەخنەیە ئاراستەی بەڕێوەبەرانی فەیسبووك کراوە و ئەوان بەڵێنیانداوە ئەو گرفتە لەماوەیەکی زوودا چارەسەر بکەن.





# سایتێک تایبەت بە کۆنفرانسی ئۆنلاین

بەستنی کۆنفرانس و کۆبوونەوەی گەورە لەئەنتەرنێتدا تەواو مانای جیهان دەبێتە گوندێکی بچووك لەئەنتەرنێتدا دەبەخشێ، بەو واتایە کە بەشداربووانی کۆنفرانس لەهەر شوێنێکی جیهان بن دەتوانن لەکاتێکی دیاریکراودا کۆببنەوە و قسەو باسەکانیان لەسەر مەبەستێکی دیاریکراو بکەن. سایتی Join.me کە لەلایەن کۆمپانیای LogMeIn بەڕێوە دەچێت تایبەتە بەڕێوەبردنی کۆنفرانس لەنێوان 250 بەشداربوودا. لەڕاستیدا بەهۆی ئەو سایتەوە دەتوانیت 250 کەس لەشوێنێکدا کۆبکەیەوە و کۆنفرانسیان لەگەڵ پێکبێنیی، هەروەها دەتوانی ڤیدیۆ و فایلی خۆتان بۆ بەشداربووانی ئەم کۆنفرانسە بەڕێ بکەن. جگەلەوش گەر پرۆگرامێکی تایبەت کە لەم سایتە وەردەگیرێت دابەزێنینە سەر مۆبایلی ئایفۆن و یان مۆبایلەکانی سیستەمی ئەندرۆید دەتوانی بەشێوەیەکی گەرۆک لەکۆنفرانسەکاندا بەشدار بی.




# LG و مۆبایلێکی سێ ڕەهەندی تایبەت

پێدەچێت کۆمپانیای LG گۆڕانکارییەکی جددی بکات لەبەرهەمهێنانی مۆبایلدا، بەتایبەتی لەبواری سێ ڕەهەندیدا، ماوەیەك لەمەوبەر کۆمپانیای ناوبراو مۆبایلی جۆری ئۆپتیموس ڤیوی بەرهەم هێنا، ئێستاکە یەکەمین مۆبایلی سێ ڕەهەندی بەرهەم هێناوە کە دەکرێت بەهۆیەوە فایلی ڤیدیۆیی سێ ڕەهەندی دەستکاری بکەی. ناوی مۆبایلەکە LG O-ptimus 3D coube. بارستایی مۆبایلەکە 6.9 میلمە. خاوەنی دوو پرۆسیسەرە. هاردی ناوخۆی 16 گیگابایتە.

LG ڕای وایە کە ئەمە یەکەمین مۆبایلی جیهانە کە دەتوانرێت بەبێ چاویلکەی سێ ڕەهەندی بتوانرێت وێنەو ڤیدیۆییە سێ ڕەهەندییەکان دەستکاری بکات. هەروەها دەتوانرێت بەهۆی کامێرا پێنج میگاپیکسلەکەی کە لەسەر شاشەکەیەتی وێنە بگرێ و فیلم هەڵبگریەوە.

# مۆبایل دەبێتە وەرگێڕ

گەلێك جاران نیازت هەیە لەگەڵ یەکێك بەمۆبایل قسە بکەی، بەڵام زمانی بەرامبەرەکەت نازانی، بۆ نموونە بەرامبەرەکەت ئینگلیزی زمانە، یان فەرەنسی زمانە. تۆش شارەزاییت لەو زمانانە نییە، ئەگەر وەرگێڕێکیش هەبێت ئەوە دەبێتە وتەی هەردوو لا وەربگێڕێ کە بەمۆبایل ئەوە کارێکی دژوارە..

سیستەمی وەرگێڕی Docomo سیستەمێکی نوێیە، بەهۆی ئەو سیستەمەوە دەتوانیت لەگەڵ هەرکەسێك لەجیهاندا کە زمانی تۆ نازانێ قسە بکەی و خودی مۆبایلەکە قسەکانت وەربگێڕێ، بەڵام ئەو سیستەمە لەکاتی ئێستادا تەنیا بۆ سێ زمانی چینی، کۆریایی و ژاپۆنی ئامادە کراوەو ئەگەر پێشکەوتن بەدەست بهێنێت، بەدڵنیاییەوە لەماوەی چەند ساڵی دیکەدا بەکوردیش دەکەوێتە بازاڕ. لەو سیستەمەدا ماوەی قسەکردنەکە تا وەرگێڕانەکە تەنیا ٢ چرکە بووە کە بۆ قسەکردنێکی ئاسایی ئەوە کاتێکی زۆر نییە.

# بەهێزترین مازەربۆردی کۆمپیوتەر



مازەربۆرد واتە "دایك یان بنەمای تەختەکان" گرنگترین پارچەی کۆمپیوتەرە، هەرچەندە ئەو وشەیە لەلای ئێمە بەهەڵە بەکاردێت و بەمەزەلبۆرد ناسراوە.. مازەر بۆرد هەموو پارچەکانی کۆمپیوتەر وەك "رام، کارتی گرافیك، CPU سیستەمی فێنککەرەوە، سیستەمی وزە..." بەو پارچەیە پێوەند دراون. بەهێزی مازەربۆرد بەمانای بەهێزی کۆمپیوتەرەکە دێت.

لەم ماوەیەدا مازەربۆردی جۆری Ram-page IV Extreme لەزنجیرەی X79 لەگەڵ سیستەمی پرۆسیسەری جۆری sandy bridge E هاتە بەرهەم کە شارەزایانی بواری ئای تی بە بەهێزترین جۆری مازەربۆردی دادەنێن.

مازەربۆردەکە بەهۆی بوونی سیستەمی بەهێزی فێنککەرەوە بەیەکێك لەمازەربۆردە باشەکانی تایبەت بەیاری ئەلکترۆنی دادەنرێت. لەو مازەربۆردەدا دەتوانرێت چوار کارتی گرافیکی دابندرێت. جگە لەوەش تەنیا مازەربۆردەکە کە لەحاڵەتی Turbo mode شەپۆلی گشت پرۆسیسەرەکان دەگەیەنێتە ئەوپەڕی خۆی کە ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کە کارایی سیستەم بچێتە سەرێ.







خوێنەرێکی ئازیز پرسیاری ئەوە دەکات کە پاسوۆرد واتە کۆدی نهێنی فەیسبووکەکەی خۆم لەبیرچۆتەوە، نازانم چ بکەم بۆ بەدەستهێنانەوەی؟

خوێنەری بەڕێز، فەیسبووکەکەی خۆت بەمانایماڵی مەجازی خۆتە، پاسوۆردەکەت کلیلی کردنەوەی دەرگای ماڵەکەتە، بۆیە دەبێت زۆر ئاگادار بی کە کلیلەکەت لەشوێنێك لەبیرنەکەی، بەڵام دەکرێت بەدوو ڕێگا پاسوۆردەکەت بەدەست بێنیتەوە. یەکەم لەلاپەڕەی دەستپێکدا لەشوێنێك کە ئاماژە بەوە دەکات ئایا پاسۆردەکەت لەبیرچۆتەوە؟ نازانم فەیسبووکەکەی تۆ بەچ زمانێکە ئەگەر بەئینگلیزی بێت ئاوایەForgot your password? ئەو فەرمانە لێدەدەی، دەچیە بەشێك لەودا نووسراوە Enter your email or phone number. لەو بۆکسە بەتاڵەدا ئیمێلەکەت ئەگەر ژمارەی مۆبایلەکەت پێشتر لەئەکاونتەکەی خۆت داخیلت کردبوو دەتوانی ژمارە مۆبایلەکەت بنووسی، دوای ئەوە ئەنتەر لێبدە، ئیدی کۆدێك بۆ ئیمێلەکەت یان مۆبایلەکت دێت، دەبێ ئەو کۆدە لەو بۆکسە بەتاڵە بنووسی کە ئاماژەی پێدراوە.. ئەوکات پاسوۆردەکەی خۆت ناداتەوە، بەڵام ئیزنت پێدەدا پاسوۆردێکی نوێ هەڵبژێری.. ڕێگای دووەم ئەوەیە کە لەخوارەوەدا ئاماژە بەهاوڕێیکانت لەفەیسبووك دا دەکات، دەبێت ناوی دوو هاوڕێی باوەڕ پێکراوی خۆت بنووسی، ئەوکات کۆدێکی نهێنی بۆ فەیسبووکی ئەوان دەچێت و داوا لەوان بکە کۆدە نهێنییەکەت بدەنێ، بەم شێوەیە دەتوانی پاسوۆردەکەت بگۆڕی..